**بۆ رای گشتی**

# پەیامنێری شەقام و (5) لە بەندکراوە مانگرتووەکانی بەندیخانەی (کانی گۆمە) بۆ شوێنێکی نادیار دەگوازرێنەوە..!

**کاتژمێر ( 3 ) پاشنیوەڕۆی رۆژی پێنجشەممە 2006/8/17 ( تاهیر تۆفیق ) پەیامنێری ( گەرمیان )ی هەفتەنامەکەمان لەگەڵ ( 5 ) لە بەندکراوە مانگرتووەکانی بەندیخانەی ( کانی گۆمە ) ی شاری سلێمانی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ شوێنێکی نادیار گواسترانەوە ...!**

**جیاکردنەوەی پەیامنێرمان لەگەڵ ئەم ( 5 ) بەندکراوە مانگرتووە لە بەندکراوە مانگرتووەکانی تر، دوای ئەوە دێت کەرۆژی 2006/8/15 پەیامنێرمان وەك نارەزایی دەربڕینێك لەبەرامبەر ئەو پێشێلکاریانەی لەچەند رۆژی رابردوودا دەرهەق بە رۆژنامەنووسان کراوە، مانی لە خواردن گرت و، رۆژی 2006/8/16 یش، بەهۆی خراپی باری تەندروستی بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش لە سلێمانی براوەو، سەرلەبەیانی رۆژی 2006/8/17 یش جارێکی تر هێنراوەتەوە بۆ هەمان بەندیخانە.**

**بۆ ئەم مەبەستە جارێکی تر بۆ رای گشتی روونی دەکەینەوە کە:**

1- **پەیامنێری هەفتەنامەکەمان بەر لەوەی خۆپیشاندانە جەماوەریەکەی دەربەندیخان دەست پێبکات لە رۆژی 2006/8/7 لەلایەن پۆلیسی گەرمیانەوە دەستگیرکراوە، لەکاتێکدا ناوبراو وەك پەیامنێری گەرمیانی هەفتەنامەکەمان خۆی بە پۆلیسی گەرمیان ناساندووەو ناسنامەی رۆژنامەنووسیشی پیشانداون ، کەچی گرتوویانە..!**

2- **رۆژی 2006/8/9 بەمەبەستی پێزانینمان بە هۆکاری گیرانەکەی، روونکردنەوەیەکمان بڵاوکردەوەو، سەرجەم لایەنە پەیوەندارەکانیشمان لێی ئاگادار کردەوە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستاش وەڵام نەدراینەوە..!**

**بۆیە ئێستاش کە پەیامنێرمان (تاهیر تۆفیق) بە مانگرتوویی بۆ شوێنێکی نادیار دەگوازرێتەوە، بە پێویستی دەزانین بەتووندی ئەو کارە مەحکوم دەکەین و هەمانکات رایگشتی و سەرجەم رێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش لە کوردستان ئاگادار بکەینەوە کە ئەو مامەڵەکردنەی لەبەرامبەر پەیامنێرمان ئەنجام دەدرێت، دوورە لە بنەماکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و سەرەتاکانی مافی رۆژنامەنووسیمان. داواکاریشین هەرچی زووە ئازاد بکرێ و گیانی پارێزراو بێت..**

**لەگەڵ رێزماندا..**

**وێنەیەك بۆ/**

***سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

***سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

*** سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

*** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

*** رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان**

***لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان**

*** سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندن**

شەقام

**دەستەی بەڕێوەبردن**

2006/8/17